# Karikater 19 کاریکاتێر

ژمارە 19نۆڤەمبەری 2007 بڵاوكراوەیەكی گاڵتەئامێزی سیاسی و كۆمەڵایەتییە.













### لەم ژمارەیەدا:

وردە هەواڵ
تاڵەبانی بە هەناسەبڕكێ گەشتە لای بوش
ماڵی قەڵب سەربەساحێبێتی
سنووردواشخانەی ئەربیلی نێودەوڵەتی
لیژنەی باڵا بۆ بینینی مانگ ناسای كوردییە
بوورجەكان

K. U .F
Box 25104
400 31 Göteborg
Sweden

www.geocities.com/karikater
karikater@yahoo.co.uk

وێب و دیزاین: ڕێناس

سەرنووسەر: سەردار عبداللە
دەستەی نووسەران:
ڕیناس عارف شوكاك عبدالستار

# ورده هەواڵ





بەبڕیارێک کە کەس نازانێت هی کێی بوو! خەستەخانەی شۆڕش لە سلێمانی لە مانگی ڕەمەزان پێشوازی لە هیچ نەخۆشێک نەکرد، دیاربوو کە ئەو نەخۆشخانەیە وەزارەتی ئەوقاف مرخی لێخۆشکردبوو بیکات بە مزگەوتێکی سەفەری بۆ تەراویعی مانگی ڕەمەزان!



وەزارەتی مەڕومالات و بەرغەلداری، لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا خولی فێربوونی شمشاڵی بۆ شوانەکانی سەربە وەزارەتەکەی ڕاگرت، ئەوەی شایانی باسە، وەزیر واتە شالیار هیچ ئامادەییەکی نیشان نەدا بۆ دەستنیشانکردنی هۆی ڕاگرتنی ئەو دەورە مۆدێرنە، تەنیا ئەوە نەبێت کە وتوویەتی: مەگەر قەور لێم ببیسێت!



وەزیری تەندروستی، پاشی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا، توانی بە ئاسانی ئەو نەخۆشییە کۆنتڕۆڵ بکات، لەڕێگەی چەند نەسیحەت و قسەیەکی خۆشەوە لە تەلەڤیزیونەوە! حەلەلەلای لە کوێخا رینگۆی!

وەزارەتی ڕاووشکار؛ ئاگاداری هەموو ڕاوچییە بەشەرەفە نیشتمانپەروەرەکان دەکات و مژدەیان دەداتێ کە جۆرە گیاندارێکی تازە هاتۆتە سنوورەکانی کوردستان و ڕاوکردنیشی وەک ئاوخواردنەوە وایە، هەر بۆیە پێویستە وەک عادەتێکی ڕەسەنی کوردەواری بە پەستەک و کۆلنجە و فەرنەنجییەوە بە تاپڕ و قەناسە و بیکەیسییەوە بدەن بە شاخدا بۆیان!





سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پاشی کێشەی نێوان هەردوو باڵی ڕیفۆرمخواز و ریفۆرمنەخواز، هەردوو باڵەکە بەشێوەیەکی دیموقراتییانە هەوڵیان دا کە دەست بەسەر لۆکاڵ و تەلەفزوێن و بارەگاکانی حیزبەکەیان بگرن و کلیل و قوفڵەکان لەیەکتر بگۆڕن. هەربەم هۆیە هەردووباڵەکە پێویستی فەوری خۆیان بۆ دەوەری قوفڵ و کلیسازی بۆ کادرەکانیان ڕاگەیاند.

# تاڵەبانی بە هەناسەبڕکێ گەشتە لای بۆش!




لە یەکێک لەشەوە ئەنگوستەچاوەکانی ناوەراستی مانگی دیسێمبەردا ئەوکاتانەی حکومەتی عێراقی پرخەپرخی رۆژەڕێیەک دەڕۆشت، جۆرج بۆش سەرۆکی فیعلی حکومەتی عێراق، بەخشکەیی خۆی کردەوە بە عێراقدا، ئەوەی شایانی باسە ئەم زیارەتە لە کاتێکدا بوو کە طالبانی سوێندی بە کاکە ئەحمەدی شێخ خواردبوو کە لە سلێمانی دەرنەچێت تاکو بەتەواوی پەتای کۆلێرا بنەبڕ دەکات، بەڵام کەس نەیزانی ئەو پیاوە لەش سووکە چۆن خۆی گەیاندەوە بەغدا بۆ لای سەرۆک بۆش! سەبارەت بە کەوتنی سوێندەکەش طالەبانی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە حەوت ربە گەنگم بداتە وەزیری ئەوقاف لە بری کەوتنی سوێندەکەی.

## ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبێتی!

گومانی چی دەکەیت !
بە مەرقەدی جۆرج واشنطۆن هێلکەکانی خۆتن و کەس نەی گۆڕیون لێت!




سنووورداشخانەی
گەریلی
ناودەوڵەتی
a High Commissioner's
Office for
Compulsory Deportation
of Refugees
کۆمیسیۆنی باڵای
ژێربەژێری
کوردی- بەریتانی
بۆ سنووورداشکردنی
زۆرەملێی پەنابەران
Refugees
www.renasart.tk
Renas 07


ئافرەت
نیوەی کۆمەڵە
ئافرەت






# لیژنـەی بـاڵا بـۆ بینینـی مانـگ، ناسـای کوردیـە! !

وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم بـۆ دەستنیشـانکردن و بڕیـاردان لـەسـەر کۆتاییهێنـان بـە مـانگی رەمـەزان و کـردن بـەجـەژن، لیژنـەیـەکـی بـەسـەرپـەرشتی مامۆستایەکـی نابینـا پێکهێنا بـۆ گـەڕان بـەداوی مانگـدا تـاکو موسڵمانان بە ئاسانی و بەدڵنیاییەوە ئـەم مانگـە تێپـەڕێنن و کـەسیش نـەتوانێت قۆپییە بکات و رۆژێکـی ئەمسـەر و یـەکێکـی تـری ئـەوسـەر بخـوات. ئـەوەی شایەنـی باسـە ئـەم لیژنـەیـە بـەشـێوەیـەکـی زانستی کـاردەکـات و دەف و دەفزنجـانی چاکیـان پێیـە و سـود لـە منـارە و گردۆلکەکان وەردەگرن و لەکاتی پێویستیش قـەڵادۆشـکانی یـەکتـر دەکـەن. هـەروەهـا ئـەم لیژنـەیـە فەلەک ناسن و ئیمانی تەوایان بە عەباسی کوڕی فەرناس هەیە، بەڵام تاکو ئێستا دوودڵن بە بیردۆزی فیساگۆرس!

ئومێدێکی ئەم لیژنەیە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم ئەسپێکی بۆراقیان بۆ پەیدابکات تاکو بتوانن بە فڕکـەیـەک گـەشتە ئاسمانییەکانیان بکـەن و هـەواڵی مانـگ و ئـەستێرەکـان بهێننـەوە سـەر زەوی! دامەزراندنی لیژنەی مانگ بینین دەکرێت بە هەنگاوێکی سەرەتایی گرنگی مێژوویی فەلەکناسی کوردی دابنرێت، کە ئومێد دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک ناسای کـوردی هـەمـوو جیهان بیناسـن و ناسای ئەمریکـی ئیفلاس پێبکـات. بـەڵام ئـەوەی نیگـەرانی شـەقامی کوردییە بوونی ترسـە لـە پلانی سیاسییەکانی ئەمریکا بۆ لە خشتەبردن، دەمچەورکردن و کڕینی ئەندامانی لیژنەی باڵا بۆ بینینی مانگ بۆ خزمەت دەزگای ناسای ئەمریکی! بەڵام حکومەتی هەرێم ئامادەباشی خۆی نیشانداوە کە پارەیەکی زۆر بخاتە خزمەتیان و چەندین لیژنە لە پیاوچاکان و قورئان خوێنەکان و دەروێشەکان درووستباکات بۆ پاڕانەوە وزکر و حەی ئەڵڵا، وەک ئەڵقەیەکی بەرگری بە دەوری ئەو دەستکەوتە مەزنەی گەلەکەمان تاکو خوا بیپارێزێ بۆمان!


دەوڵەتی کوردی
خەونی شاعیرانە
وەکی
دەڵێن
بنێشتی کوردییش
خەونی سەرکردەکانە


no comment ..
Renas07


ئەی برا گیان!!!
خۆ بەتاڵە !
ڕۆشنفکر بەتەزکییە
Sardar
sardarz@telia.se


پلنێومی ی ن ك بەچەپڵەرێزان لە فایلدارەکانی ناو حیزب خۆشبوو!
هەی مەلەکە مەلەکە
گڕ بەردە لە تەنەکە!
فایلداری ناو حیزب
پۆستی گەورەی گەرەکە
هەی مەلەکە مەلەکە
هەردووکیان هەرخزمەتە!
فایلدار و بەعسی بی
یاخود کۆنە پێشمەرگە
هەی مەلەکە مەلەکە
ئەم عالەمە لۆمەم کا
من فایلدارم گەرەکە.
PUK
Sardar
sardar@telia.com


خەپە گیان بوخۆم
ترسی ناوی، وەلی کە!
یاسا سەروەرە!
محکمه
موجریم
Sardar
sardar@telia.com





## بورجەکان

**هەواڵنێرمان لە جنی فەلەکەوە**

**بورجی تەرازوو:**

ئەم بورجە سەر بەخێزانی بۆرجە هەواییەکانە، واتە نزیکاییەتی لەگەڵ سپلیت و موبەریدەیدەدا هەیە ، بە پێچەوانەی بورجی گاوەیە کە خاکی و هەر حەزی لە خۆڵەپەتانێیە. لەدایکبووانی ئەم بورجە وردبینن و بەوریاییەوە موراقەبەی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی دراوەکان دەکەن! هەسارەی مانگ کاریگەری تەواوی لەسەر تەبیعەت و ئیجتیایان دادەنێت بە تایبیەت لە کاتی مەد و جەزردا! ڕۆژانی هەینی پڕ بەخت و بەرەکەت دەبێت بۆیان، باشترە لە قەرەباڵغی و لەبەرچاوی ئیعلام خێر بە فەقیر بکەن چونکە سەوابی زیاتر دەبێت بۆیان. بەکارهێنانی کوژوکی شین و چاوەزار بە دووریان دەخات لە کاریگەرییە لوقماتیزییەکانی بورەجی موراقەبە! ئەوەی قەرزبدات بە لەدایکبوانی ئەم بوورجە، باشترە دڵی خۆبیداتەوە بەو پەندی پێشینانەی کە دەڵێت: قەرز کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت!




**مارەبڕینی خوشکان**
**لەسەر تەریقەتی ئیمامی ڕەپپانی**

